کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-11-2007 1:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕێوی دەرەوە و گورگی ماڵەوە... دلێر محمد

### هەڵوێستەیەک لە سەر سیاسەتی دەرەوەی دەسەلاتی کوردی

من بە مندالی زۆر منالکی لاوازو بێدەسەلات بووم لە بەرامبەر منالە چەتوونەکانی گەرەک زۆرچار یاریان لێدەشکاندم.. لێیان دەدام.. توانایەکی ئەوتۆم نە بوو بۆ بەرگری کردن، بەلام لە ماڵە کەمێ لاسار تر بووم لەگەل هەر لاساریەک کە دیکم هەراسان دەبوو.. توانچی تێدەگرتم و پێی دەوتم ڕێوی دەرەوە و گورگی مالە وە... ئەم حالەتەی من بێگوومان ئا سای نە بوو. ڕەنگە گرێیەکی دەروونی بووبێت یاخوو ترس لە دەرەوەی ماڵ یان ڕەنگە هێندە شارەزا نە بوو بم لە هاوڕێ دروست کردن و هاوری پەیدا کردن..

ئەو دۆخە منالّیەی من تێپەری بەلام بە داخە وە توشی حوکمەتی هەریمی کوردستان بووە یان باشترە بڵێن تووشی دەسەلاتی کوردی بووە لە باشوری کوردستاندا... گەر کەمێ بە مێژووی نزیکی پێکهاتەکانی ئەم دەسەلاتەدا بچینەوە ئەوا زۆر بە سادەی دەتوانین هەمان حالەت بکەین...

هەردوو پارەتە سەرەکییێکەی ئەمرۆ کە دەسەلاتی کوردیان پێدەلێن.. گەلێجار شەری خوێناویان کردوە لە ناو مالەوەدا مەبەستم مالی کوردیە..

لە مێژووی دوور و نزیکی ئەم پارتانەدا نەیان توانیوە بە بەشداری هێزیکی سەربازی وولاتێکی دراوسێ شەری داگیرکەرانی کوردستان بکەن.. بەلام چەند جارێک شەری یەکتریان کردوە لە ناو مالی خۆماندا بە بەشداری هێزی سەربازی دووژمن ودراوسێکان.

دەسەڵات بوێرانە و چاو نەترسانە بەرەنگاری هەموو نارەزایەکان دەبێتەوە لە ناوەوە گەلێک جار کوشتاری گەورەشی لێ کەوتۆتەوە ڕەنگە پێویست نەکات من لێرەدا ئە مێژووە نزیەک بە بیر کە س بهێنمەوە...

دەسەلاتی کوردی یاخوود هەردوو پارتی دەسەلات دار لە مێژووی خۆیاندا گەڵیک جار کار ئاسانیان کردووە بۆ لەناو بردن و تەسلیم کردنەوەی بەرهەڵستکارانی کوردستانی رۆژهەلات

دەسەلاتی کوردی ماوەی زیاد لە دەساڵە هەموو کارە ساربازیەکانی کە دژبە ئێران دەکرێت تەجمید کردوە.. بۆرازی کردنی ئێران... بەهانەی بە حیزبی کۆمنیستی کرێکاری عراق گرت بۆ دەرپەراندنیان.. دواتریش زۆر سادە چەند ئەندامێکیان گرتن و چەند ئەندامیکیان لێ کوشتن..

ئەونارەزاییانەی کە بۆ هاوکاری کوردستانی باکور و رۆژهەلات دەکریت لە باشوور لە لایەن دەسلاتی کوردیەوە ئاستەنگ بۆ دروست دەکرێت و یان بێ ئەخلاقیان دەدرێتە پال وەک لە سووتانی ئالای توورکیدا روویدا..

ئێستاش لەم تەنگەژەی لە شکر کێشی تورکیایەدا.. هەمان کەسایەتی ناوە وە کاردەکات کەسایەت گوورگە کە ی مالەوە کە زۆر بە خێرای بارەگاکانی پارتی چارەسەریان داخست بێ گەرانەوە بۆ یاساکانی خۆیان بێ دادگای کردن یان بی بریارێکی پەرلەمان هەمیان پێچانە وە

من خۆپاراستن لە شەر و ە بیانووی و ئیران و توورکیا بەحێکمەتێکی سیاسی دادەنێم بەلام بە هەموو مەرجێک نا..

هەموو تەنگەژەکانی دەرەوەی حووکمەتی هەرێم بە تەنازوول بووە لە سەر ئازادی و ئیرادە و کەرامەتی شەقامی کوردی.. هەموو چارە سەرێکی کێشەکان بە وەخاو بۆتەوە کە سەرمایە مەعنەویەکانی کوردی تیا دۆڕاوە.. مەبەستانەش خاوبوونە وە بەکار دێنم نە کۆتای کێشەکان

بۆ نموونە هەرچییەک کرا بۆ ئێران تاکو ئێستاش گرۆپە دوندرەوەکانی لە سەر سنوور ڕاگرتووە بە رامبەریان.. تورکیا لە ڕێگەی چەندان کارتی ترەوە بەهانە بە کورد ئەگرێت ئەگەرچی دەیان ئەوەندە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەنازوولێشی بۆ بکرێت.. پەکەکە تەنها کارتی ئەو نیە کەرکوک ماوە بزانین لە و کێشەیەدا چی کە دەبخشین...
هوو پەیوەندیەکانی دەسەلات لە گەل دەولەتی مەرکەزیشدا هە هەمان شێوە بووە... ئەو هەموو هێزەی شەقامی کوردی بۆ ریفراندۆم کۆکرایەوە لە بەغداد شەرمنانە کرا بە ووزە بۆ فیدەالی.. بێ ئەوە گوێ بدرێتە رایگشتی.
گەر ئبراهیم ئاسا بۆ رازی بوونی قەدەری خودای ئامادی بە خشینی سەری کورەکانتی کە تۆ بیر لە خۆشە ویستی ناکەیتە لەو نێوەندی پاوک و فرزەندیەدا وە هێچ گرنگیەک بە پەیوەندی نێوان دەسەلات و رای گشتی نادەیت چۆن کۆمەلگایەکی پتەو و ئیدارەیەکی بە هێز درووست ئە بێت لە نێوان ئەو هەموو دژەکوردەدا.
دەسەلاتێک بۆ رازی کردنی دەرەوە هەموو پەیوەندیەکانی خۆی لەناوەوە ئا لۆز و دابراو بکات زۆر سادە دەکەوێتە تەنگەژەی گەورەترەوە، دەسەلاتێک رایگشتی بکاتە قوربانی و کار لەسەر بێ ئرادە کردنی شەقام بکات رێگەیەکی باش بری وە بەرە تاک رەوەی دیکتاتۆریەت..
ئەم ئینفییامی شەخێیەتە لە دەسەلاتی کوردی دا نە خۆشییە چارەسەری دەوێت.. رێوی دەرەوە و گورگی مالەوە تکادەکەم خاو شیفات بات

Dler31@yahoo. se

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.